# بوونیادگەرایی ئیسلامی

## لەچەند روخسارێکدا

لەفارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

یەکەم بزوتنەوەی گرنگی سەلەفی موسوڵمانان بەبۆچونی ژمارەیەک لە زانایانی موسوڵمان بزوتنەوەی سەلەفیە کەلقە عەرەبیەکەی بە وەهابی ناسراوە و لقە هیندیەکەی ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە (شاوەلی الله دهلـەوی) سـاڵانی (1753 تا 1815)هاوسەردەمی ئەم بزوتنەوەیە داویەتی، هەرچەندە بزوتنەوەیەکی لەو شێوەیە دروسـت نەبوو، بەڵام چەند لێکەوتەیەکی هەبوو بەتێپەڕینی کـات دەرکـەوتـن و بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین ئاماژە بە بزوتنەوە جیهادیەکانی سەید ئەحمەد بن عرفان (1781 - 1831) و جوڵانەوەی سەلەفی صدیق حەسەن خان (1832 - 1890)، هەروەها دامەزراندنی (دارالـعـلـوم زانستی - سوننەتی دێوبەند ساڵی (1866) بکەین.

هەستی بوونی قەیران هۆکاری دەرکەوتنی ئەم جـۆرە جوڵانەوانە بووە. لەپاڵ هۆکارە بنچینەییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵکشان و داکشانی شارستانێتی نـەتـەوەکـان، شـەڕە بەردەوامەکانی نێوان عوسمانی و سەفەوی لەو کاتەدا زۆربەی ناوچە ئیسلامیەکانیان لاواز کردبوو. نیمچە دورگـەی عەرەبی لەو سەردەمەدا بە دۆخێکی خراپدا ئێدەپەڕی. لە نوسینەکانی (محمد بن عبدالوهاب) سـاڵانـی (1703 تـا 1791)بـاس لە قۆناغی جاهیلیەت و گەڕانەوە زۆر دەبینرێت.

بـارودۆخـی نیمچە دورگـەی هیندستانیش بـاشـتـر نـەبـوو.. جیاوازی ناو ویلایەتە موسوڵمانەکان بەشێوەیەک بوو، کە ئومێدی رزگار بوون لەو دۆخـەی نەهێشتبوو، شا وەلـی الله بەهۆی نائومێد بوون لە دۆخەکە نامەیەکی بۆ ئەحمەد شا عەبدالی شای ئەفغانستان نارد، بـۆئـەوەی یارمەتی موسوڵمانانی

هیندستان بدات.

بەبۆچوونی محمد بن عبدالوهاب و شا وەلی الله ڕێگەی ڕزگار بوون لە قەیران گەڕانەوە بۆ ئیسلامی پاک بوو. ئەو ئیسلامەی لەسەرەتاوە کۆتایی بە ململانێ و ڕوبەڕووبوونەوە خێڵەکیەکان هێنابوو، موسوڵمانانیش بەهۆیەوە توانیبوویان سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنن و زەوی نوێ ڕزگار بکەن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

بەبۆچوونی ڕێبەرانی سەلەفی ئەوەی موسوڵمانانی لە نەزانی و جەهل نزیک کربووەوە چەند شتێک بوو:

-گەڕانەوە بۆ خورافات و پەرەستنی مەزارگە و پاڕانەوە لە پیاوچاکان.

-ململانێی نێوان مەزهەبەکان و کەلێنی دروستبووی نێوان موسوڵمانان.

-پەرەسندنی بیدعە و کەمبوونەوەی پەیوەندی موسوڵمانان بە سەرچاوە سەرەکی و دەستی یەکەمەکانی ئاین (قورئان و سوننەت) و ڕوکردنە فەرمودە لاوازەکان و دروستکراوەکان، یان سەرچاوە دەستی دوەم و سێهەمەکان کەلەلایەن ژمارەیەک لەزانایانەوە بەشێوەی جیاواز شیکردنەوەیان بۆ کرابوو.

بەڕای ئەم جوڵانەوەیە هەرکاتێک موسوڵمانان پەیوەندیان بە سەرچاوە یەکەمەکانی ئاینەوە بەست، ئەوا لە قەیرانەکان قوتاریان دەبێت.

دیارە ئەم لێکدانەوەیە پشت بە زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابەستێت و ئەم بیرکردنەوەیە کە لە ئاگایی بەرامبەر مێژوو بێبەشە، ناتوانێت لە کاریگەری گۆڕانکاریە مێژوویەکانی پەیدا بوونی مەزهەبەکان تێبگات و پانتایی ئەو شارستانێتیەی بووەتە هۆکاری گەیشتنە ئێستای شارستانیەت بناسێت و توانای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەوردی هەڵبسەنگێنێت.

ئەم ئێروانینە گیرۆدەی سادە ڕوانینە، لەڕوی دیاریکردنی قەیران و دیاریکردنی ڕێگەچارەشەوە.... جەخت لەسەر لایەنی ناوخۆی قەیران، گرنگترین خاڵی بەهێزی ئەم نمونەیەیە و دەیتوانی کۆپیەکی سەرکەوتوتر بەدەستبێنێت، ئەگەر یارمەتی لە شیکردنەوە و دۆخی ئاڵۆزی شارستانێتیەک وەربگرتایە و زیاد لە پێویست ڕەنگی ناوچەیی بەخۆوە نەگرتایە.

نمونەی ئەم جوڵانەوەیەی ئێمە پێشوازی ئەوتۆی لێنەکرا، چونکە یارمەتی چارەسەری کێشە ڕاستەقینەکانی خەڵکی نەدەدا. بزوتنەوەی وەهابیەت بەدەر لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکانیتر، بەرامبەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ژیانی سادەی نیمچە دورگەی عەرەبی کە دوریەکی زۆری لەگەڵ شارستانێتیەکانیتر هەبوو، سەرکەوتو نەبوو. تەنها دوای دۆزینەوەی نەوت ئەم ناوچەیە سەرنجی وڵاتانی زلهێزی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشا و ناوچەکە پێشکەوت، بەڵام بەر لەوکاتە ئەم جوڵانەوەیە نەیتوانی بوو گرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکات و پێشیان بخات.

گرێدراوی جوڵانەوەی سەلەفیەت بە دەسەڵاتی عەرەبستانی سعودیەوە

بووە هۆی ناکامی ئەم بزوتنەوە چاکسازیە و دوژمنی زیاتری بۆ خۆی دروستکرد. لە هیندستانیش بەهۆی پارچە پارچە بوونەوە ستراتیژێکی یەکگرتوی نەبوو، تەنها خاڵی هاوبەشی ئەو پارچانە

سەرنەکەوتنیان لە گرێدانی پەیامی خۆیان بە راستیەکانی دەوروبەریانەوە بوو، ئەو راستیانەی هاووڵاتیان بۆ قوتار بوون لەدۆخی قەیراناوی پێویستیان پێیان هەبوو.

بەڵام لە دەرەوەی سعودیە بەم جوڵانەوەیە بەدور لە کێشمەکێشی سیاسی پەیوەندیدار بە ئایدۆلۆژیایەکەوە زیاتر لەچوارچێوەی جوڵانەوەیەکی سادە هەنگاوی دەنا و بەهۆی دانەڕشتنی پەیڕەوێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵا راستی و پێویستیەکانی رۆژانەی هاووڵاتیان ببەستێت و لەو بۆشاییەشدا رێگەی بۆ دەرکەوتنی جوڵانەوەیتر کردەوە.

ئەگەر ستراتیژی گشتی ئێوان موسوڵمانان بە جوڵانەوەی کاسۆلیک لە مەسیحیدا بەراورد بکەین، سەلەفیەت لە جیاتی ئەوەی رێڕەوێکی وەک ئەزمونی پرۆتستانتی بۆ رزگار بوون لە قەیران بخاتە بەردەم کۆمەڵگە ئیسلامیەکان و یارمەتی رێنیسانسی پێویستی ئەو کۆمەڵگانە بدات، ئەزمونی مەسیحی ئەرپەدۆکسی بەسەر بەشێک لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا سەپاند.

حکومەتی سعودیە بەو سەرمایەیەی خەرجی بردودان بە ئەم ئایدۆلۆژیایەی لە پاکستان و هیندستان و باکوری ئەفریقا و ئاسیای ناوەند کردوە، تەنها یارمەتی ئاڵۆزی زیاتری لەم کۆمەڵگانە داوە. دەرکەوتنی بزوتنەوە توندرەوە بوونیادگەراکان لە پاکستان، ئەفغانستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، کازاغستان و چیچان و .... کە بەهۆی سەرمایەکانی سعودیەوە بووە دەرەنجامی هەوڵی سەرنەکەوتوی بردودان بە سەلەفیەت بووە.

* * *

قەیرانی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات، ماوەیەکی زۆر پێش هاتنی ئیستیعمار بۆ ئەم بەشەی جیهان دەستیپێکردبوو، بەڵام ئاگایی لەم قەیرانە لەئەنجامی کاریگەری روبەروو بوونەوە لەگەڵ سەربازانی شارستانێتی نوێ کشتگیر بوو. ئێستا بۆمان



محەمەد عەبدە

دەرکەوتبوو چەندێک لاواز بوون و لە کوێی مێژودا گیریان خواردوە.

لەوانەیە سەید جەمال الدینی ئەفغانی (1838 – 1897) تەنها دەنگی دەربڕی ئەم ئاگاییە بووبێت. ئەو لەگەڵا ئەوەی زانستێکی قوڵتر لە محمد بن عبدالوهابی هەبوو، بەڵام هەڵی خستنەڕوو و داڕشتنی رێگەیەکی دیاری نەبوو. سەرجەم هەوڵەکانی بۆ بەئاگاهێنانەوە دژی ئیستیعمار و روبەڕوو بوونەوەی بوو.

ئەمجارە دەستی دەرەکی بوونی هەبوو، هۆکاری ناوخۆش خرایە پەراوێزەوە. لەو رۆژگارەوە تا ئێستا ئاگایی گشتی موسوڵمانان نەیتوانیوە لەوبارەیەوە بگاتە هاوسەنگیەک.

لەگەڵ ئەوەی سەید جەمال نوسەر بوو، بەڵام گرنگی بە داڕشتنی تیۆر نەدەدا و تەنها وەک ئامرازێک بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش سودی لێوەردەگرت. لە ئەنجامیشدا نەلە بواری چاکسازی ئاینی بە پرۆژەیەکی دیار گەیشت و نە لە بواری چاکسازی سیاسی – کۆمەڵایەتی رێکارێکی روونی پێشکەشکرد.

خوێندکارەکەی ئەو (محمد عبده) (1849 – 1905) توانیبووی ئەزمونی مامۆستاکەی ئێپەڕێنێت و تیشک بخاتە سەر لایەنی قوڵتری چاکسازی ئاینی و هەنگاوی گەورەی لە بواری شیکردنەوەی قورئان و لێکۆڵینەوەدا ناوە، بەڵام ئەم رەوەندە هێشتا گشتگیر نەبوو، کە گۆڕانکاریە سیاسی و سەربازیەکان و بەتایبەتی شەڕی جیهانی یەکەم رویدا و لەم نێوەندەشدا روخانی دەسەڵاتی عوسمانی ساڵی (1924) کە بۆ موسوڵمانان گرنگی هەبوو، زەمینەی بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی نوێ خۆش کرد.

دەرکەوتنی جوڵانەوەی ئیخوان موسلمین لە میسر ساڵی (1928) و دوای ئەوە لە ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی، روخسارێکی نوێی لە بوونیادگەرایی مەزهەبی دەرکەوت.

لە روی تیۆریەوە ئیخوان لق و پۆپی لە بزوتنەوە ئاینیەکانی

پێش و دوای خۆی زیاتر بووە و ئەم تایبەتمەندیەش، بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەندامانی بزوتنەوە ئاینیەکانیتر دوای ئاشنا بوونیان بە ئەدەبیاتی ئەم بزوتنەوەیە بێنە ڕیزی ئیخوانەوە، بەدڵنیاییشەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئیخوانیش لەم بزوتنەوەیە دوور کەوتونەتەوە و ڕێڕەوسمێکیتریان گرتۆتەبەر.

ئیخوان بەبەراورد لەگەڵ سەلەفیەت لە ماوەیەکی جیاوازدا دروست بوو، هەروەها سودی لە ئەزمونەکانی رابردوو لە محمد عبدالوهاب تا رەشید رەزا (1865 تا 1935)وەرگرتوە.

لەلایەکەوە وەک سەلەفیەکان لایەنی پاکدینی - ئەرپەدۆکسی بەگرنگ داناوە و روبەڕوو بوونەوەی بیدعە و خورافاتی خستە دەستوری کارەکانیەوە، بەواتایەکیتر هۆکارە ناوخۆییەکانی بە رەسمی ناسی و لەلایەکیتریشەوە لایەنی سیاسی - کۆمەڵایەتی پەیامی سەید جەمال الدینی بۆ پرۆگرامی خۆی زیاد کرد، بەتایبەتی دژایەتی ئیستیعماری رۆژئاوا.

پرۆژەکەی ئیخوان بە تەمانەوە نەوەستایەوە و هەوڵیدا ئایدۆلۆژیایەکی تەواو رێکبخرێت کە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. لەلایەنی تاکەوە باس لە پەروەردەی ئیمان و پەرستن و رەوشت و بیر و گیان و جەستەی مرۆڤ کراوە و لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە ئاماژە بە چاکسازی سیستمی سیاسی و ئابووری و دادوەری و رۆشنبیری و سەربازی و بەرێوەبردن و پیشەسازی و هونەری و سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کراوە... ئەمەش بەپێی ئەو پروپاگەندەیەی ئیخوان دەیکات.

پرۆژەی ئیخوان ئێپەڕینە لە دۆخی ئەرنەدۆکسی بەرەو دۆخی پرۆتستانتی. لە ئەزمونی سەلەفیدا گەڕانەوە بۆ ئاین بنەمایە و پێویستە لەسەر ڕێڕەوی ئاینی پاک بڕۆن، بەڵام ئیخوان ڕێڕەوی خۆی دیاری نەکردوە و هەوڵدەدات لەسەر هەندێک بەرنامەی سەلەفی بڕوات

پرۆژەی ئیخوان ئێپەڕینە لە دۆخی ئەرنەدۆکسی بەرەو دۆخی پرۆتستانتی. لە ئەزمونی سەلەفیدا گەڕانەوە بۆ ئاین بنەمایە و پێویستە لەسەر ڕێڕەوی ئاینی پاک بڕۆن بەڵام ئیخوان ڕێڕەوی خۆی دیاری نەکردوە و هەوڵدەدات لەسەر هەندێک بەرنامەی سەلەفی بڕوات و لەهەمان کاتیشدا لە ئەقەلادایە تەواو وەک سەلەفیەکان دەرنەکەوێت.

سەلەفیەت واتە گەڕانەوە بۆ رابردوەکان. سەلەفیەکان مەبەستیانە لەسەر ڕێڕەوی رابردوەکان بڕۆن و هەوڵ دەدەن تێگەیشتنی رابردوو بەرهەم بێننەوە بێ لەبەرچاو گرتنی تێپەڕینی کات.

ئیخوان ئەو دیدەی بەرامبەر سەلەفیەت نیە و رەخنەی لێناگرێت، بەڵکو هەوڵیداوە درێژەپێدەری بێت وەک ئەوەی دامەزرێنەری ئیخوان

بەرونی دەڵێت (ئێمە جوڵانەوەیەکی سەلەفین.)

لەلایەکەوە ئیخوان بخوازێت یان نەخێر بەرەو ئەرپەدۆکسی دەڕوات و ڕێگە بەرەو رابردو دەگرێتەبەر، بەڵام هاوکات هەوڵدەدات بە بەقەرز وەرگرتنی بەشێک لە پەیامی سەید جەمال و محمد عبدە لەبواری چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە پێویستی بە جیهانگەرایی عەقڵانی و پراگماتیکە، گوتاری سەلەفی خۆی بە روکارێکی پرۆتستانتی رووپۆش دەکات. جیاوازی بنەڕەتی لە پرۆژەی چاکسازی ئیخوان لێرەدا شاراوەیە. شێوازی سەلەفی - ئەرپەدۆکسی پێویستی بە دەقگەرایی زۆر بۆ هەڵسوکەو... لەگەڵ جیهان و ژیان هەیە و


گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

شێوازی پرۆتستانتی پێویستی بە بەرەسمی ناسینی پێداویستییەکانی ئەم جیهانە و هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای لۆجیکی عەقڵانییە.

جیاوازیەکان کاتێک قوڵتر دەبنەوە، کە نمونەی ئیخوانی لە کاتی ناکامیدا بۆ ئاشکردنەوەی ئەرپەدۆکس و پرۆتستانت، هەوڵ دەدات لەروی فیقهی و کەلامی خۆی بە نوێنەری پەروەردەی بەرز بناسێنێت و لەمڕووەوە شێوازێکی کاسۆلیکی دەگرێتەبەر. وەفاداری بە خوێندنەوەی خوێندنگەیی لە بووارەکانی فیقە و کەلام و دوور کەوتنەوە لە دەرکەوتەی نوێ و ترسان لە نزیکبوونەوە لە خوێندنەوەیەکی نوێ، بنەماکانی پرۆتستانتی تەواو لاوازکردوە و روخساری کاسۆلیکی ئەو تەواو بەهێز دەکات.

لایەنگرانی سەلەفی هەستدەکەن شێوازی سیاسی – دنیایی باڵی بەسەر ئەم جوڵانەوەیەدا کێشاوە و ئەو دینە پاکەی ئەوان دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە نایەتەدی. ئەم ژمارەیە وردە وردە خۆیان جیاکردەوە و رویان لە جوڵانەوەکانیتر کرد. ئەو کەسانەی خوازیاری گۆڕانکاری سیاسی – کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن بوون و پێشڕەوبوون بۆیان دەردەکەوێت، کە لایەنە سەلەفیەکانی ئەم کۆنوگۆڕانە ڕێگەنادەن ئەو پرۆژە ورد و تەواو و دیارانەی کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێن، بەدەستبێنێن و بۆیان دەردەکەوێت، کە دروشمە بریقەدارەکانیان گرێیەکی ئەم کۆمەڵگانە ناکەنەوە، ئەوانیش بەتێپەڕینی کات ڕێرەوێکیتر دەگرنە بەر. کەسانێک کە پێیانوابوو پاراستنی ئاسەواری کۆنی ئیسلام بەتایبەتی لەبووارەکانی فیقە و کەلام و ... لەم ڕێگەیەوە دەبێت، بۆیان روندەبێتەوە کە دامەزراوەکانی تری وەک ئەزهەر و زانکۆی ئیسلامی و شوێنەکانیتر ئەمکارە دەکەن، ئەمانیش ڕێگەی خۆیان جیا دەکەنەوە.

یەک بەیەکی گروپە توندڕەوەکانی وەک جیهادی ئیسلامی و جەماعەی ئیسلامی و جەماعەی موسلمین (التكفير و الهجرة) لەلایەن ئەندامانی پێشوی ئیخوانەوە دامەزرێنراون. لەراستیدا ئەوان ئەندامی سەلەفی – ئەرپەدۆکس بوون و بە ئومێدی سەلەفیەکی پێشکەوتو بەبەراورد لەگەڵا سەلەفیەتی سوننەتی رویان لە ئیخوان کردبوو، بەڵام کاتێک بینیان لەم ڕێگەیەوە بە ئەم ئامانجە ناگەن لێی جیابوونەوە و ئەمجارە لەجیاتی گەڕانەوە بۆ سەلەفیەتی سوننەتی کە بنەمای سیاسی پێەوی نەبوو، سەلەفیەتی جیهادیان دامەزراند و گرنگترین بەرهەمیشی ڕێکخراوی قاعیدەیە و وەک نمونەیەکی نوێ خستیە بەردەستی موسوڵمانان.

* *
*

سەلەفیەتی جیهادی توندڕەوی لە سەلەفیەتی سوننەتیەوە وەرگرتوە و جیاوازی لەگەڵ پێشکەوتنی ئەمڕۆ و بەرەنگاری ڕێکخراوانەی لە ئیخوانەوە وەرگرتوە. لە میراتی فیکری ئیخواندا شارستانێتی ئەمڕۆ هەڵقوڵاوی گەورەترین لەڕێگەلادانە، کە ئیسلام بۆ لەناوبردنی ئەو هاتبوو.

ڕێکخستنی ورد کە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئیخوان، لە ڕێکخراوە چەپەکانی نیو سەدەی رابردوی وەرگرتوە. ئەم شێوازی ڕێکخستنە لەلایەن ئیخوانەکانەوە بە ئەدەبیاتی مەزهەبی رازێنرایەوە و دوای ئەوە کەوتە دەستی سەلەفیەتی جیهادی، بۆئەوەی سەلەفی سوننەتی بخاتە ناو جوڵەیەکی نوێوە.

ئەو نمونەیەی سەلەفیەتی جیهادی دەیخاتە روو، نمونەیەکی تەکفیری و شێوە تەکفیرییە و بەبۆچونی ئەوان جیهان لەژێر دەستی جەهالەتدایە.

جەهالەتی گەورە، واتە ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی و لقە لاوەکیەکانی ئەوان، یان بەواتایەکیتر ئەو وڵاتانەی پەیوەندی باشیان لەگەڵ رۆژئاوا هەیە، یان بەلایەنی کەمەوە دژی سیاسەتەکانی ئەوان ناوەستنەوە. ئەو پارت و لایەنانەی ڕێگەی بێدەنگی بەرامبەر رۆژئاوا و هاوپەیمانەکانیان دەگرنەبەر، یان تەنها بە وتە دژیان دەوەستنەوە، یان هەندێکجار لە کێبرکێی هەڵبژاردندا کە لەسودی بەردەوامی ڕژێمە داردەستەکانی رۆژئاوایە بەشداریدەکەن، بەبۆچونی ئەم جوڵانەوەیە کەسانە بەبەشێک لە پۆشاکی جەهالەت هەژمار دەکرێن. لەهەندێک باردا ئەنەوەکانیش دەگرێنەوە.


محەمەد عەبدولوەهاب

لەو لایەنەوە کە بەبڕوای ئەم جولانەوەیە ڕژێمە (جاهیلەکان) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وردەکاری سیاسەت دەزانن و بەرامبەر هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بەمەبەستی گۆڕانکاری بەرگریدەکەن، کەواتە باشترین و کورتترین ڕێگە ڕاگەیاندنی جیهادی جیهانی دژی ئەوانە. ئەم جولانەوەیە لەم قۆناغەدا پێیوایە هەر کاریگێری پەیوەندیدار بە شێوازی حوکمکردن و لێکۆڵینەوە و تیۆرەکان و کاری پەروەردەیی دەبنە لەمپەری بەردەم گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی. لەمڕووەوە لێکۆڵینەوە تیۆریەکان و کارە زانستیەکان لەم قۆناغەدا دەتوانن گەنجانی موسوڵمان لە ئامانجی سەرەکی کە جیهاد و بەرەنگاریە دوور بخەنەوە.

ئەوان پێیان باشە کە پەروەردەی ئاینی بریتی بێت لە ژمارەیەک نامەی کورت و ژمارەیەک سەرچاوەی بێمەترسی سوننەت و هیچ هاندانێک بۆ خوێندنەوەی کتێبێتر نەدرێت، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆمەڵگەی مۆدێرن.

بەبڕوای ئەم جولانەوەیە بەسەرنجدانە ئەو قۆناغەی کە جیهادیەکان تێیدان واباشترە فێرکردنی قورئان و سوننەتیش بەشێوەی ئامانجدار بێت، بەو واتایەی کە ئایەت و سورەتە مەکیەکان کەمتر بووترێنەوە، تەنها ئەو ئایەتانە نەبێت کە کاریگەری ئیجابی لەسەر هەستی پاڵنەریان هەیە و ئەوان بۆ جیهاد و شەهیدبوون ئامادە دەکات. ئایەت و سورەتە مەکیەکانیتر لەم قۆناغەدا نەوترێنەوە و بەتایبەتی ئەو ئایەتانەی، باس لە بانگخوازی بۆ چاکە و هاندان

**لەلایەکەوە ئیخوان بخوازێت یان نەخێر بەرەو ئەرپەدۆکسی دەڕوات و ڕێگە بەرەو رابردو دەگرێتەبەر، بەڵام هاوکات هەوڵدەدات بە بەقەرز وەرگرتنی بەشێک لە پەیامی سەید جەمال و محمد عبدە لەبواری چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی**

بۆ گونجان و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانیتر دەکەن. شیکار و لێکدانەوەی ئەم ئایەتانە دەتوانێت ستراتیژی جیهاد بخاتە ژێر پرسیارەوە و لە گرنگی کەم بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی سەرجەم ئایەت و فەرمودەکان لەلایەن ئەم جولانەوەیەوە پەسەندن، بەڵام پێیان باشترە لەم قۆناغەدا ئەو ئایەت و فەرمودانە گرنگیان پێبدرێت کە یارمەتی سەرکەوتنی ئەم جولانەوەیە دەدەن.

لە ئەنجامدا نمونەی سەلەفیەتی جیهادی لەلایەنی تیۆریەوە زۆر دەوڵەمەند نییە و پراکتیک زاڵە، واتە ڕاکێشانی سوپاییەکان بۆ روخاندنی دەسەڵاتداران و دامەزراندنی ئیمارەتی ئیسلامی ویستراوی ئەوان و جێبەجێکردنی یاسا ئیسلامیەکان بەپێی ویست و لێکدانەوەی ئەوان.

لەنێوان ئیخوان و سەلەفیەتی جیهادیدا سنورێکی جیاکەرەوە نییە، کە پەیڕەوانیان لەیەکتریان جیا بکەنەوە. ژمارەیەک گروپ و چالاکوانی مەزهەبی لە نێوان ئەم دوانەدا بەرزی و نزمی دەکەن و بەهۆی هۆکاری جیا جیاوە دەتوانن لەیەکێک لەو دوو نمونەیە نزیکتر بن، وەک ئەوەی ژمارەیەک لە کۆمەڵە پەیوەندیدارەکان بە ئیخوانەکانەوە لە ئەفغانستان و پاکستان و کەنداو لە نمونەی سەلەفیەتی جیهادی نزیکترن، بەڵام لەبەرامبەردا ژمارەیەک لە لایەنەکانی ئیخوانی بنچینەیی لە تورکیا و مالیزیا و تونس و سۆدان و مەغریب لە نمونەی ئیخوان تێپەڕیون و لە بیرکردنەوەی نوێی ئاینی نزیکتر بوونەتەوە، بەڵام سنورەکانی نێوان بیری سەلەفیەتی سوننەتی و ئیخوان و سەلەفیەتی جیهادی هێشتا بەدیاری نەکراوی دەمێننەوە.

**سەرچاوە:**
-BBC، محمد محق، لێکۆڵەری ئیسلامی لە میسر)